خوێندنەوەیەك بۆ:

# بۆشایی نێوان حکومەت و خەڵك؟



تەها سلێمان

## دەروازەیەك بۆسەلماندن..

لەماوەی ماوەی ڕابووردوی دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆڕو کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی بەرپرسانی حکومەت لەگەڵ چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵك، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بۆشاییەك لەنێوان حکومەت و خەڵکدا هەیە و پێویستە حکومەت و خەڵك لەیەکتر نزیك بنەوە. ئەوەندەی بەلای منەوە گرنگە و ناکرێ بەسەریدا ببوێرین، ئەوەیە کەحکومەت لەزمانی بەرپرسەکانیەوە کاتێ کەباسی بۆشایی نێوان حکومەت و خەڵك دەکات، باسی هۆکارەکانی ئەو بۆشاییە ناکا و ناشیەوێ ئەوە بزانێ کەئاراستەی ئەو بۆشاییە بەرەو کوێ دەڕوا. ئەرکی ئەم نووسینە ئەوەیە بچێتە ناو وردەکارییەکانی ئەو بۆشاییەیی نێوان حکومەت و خەڵك لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە پەنجە بخاتە سەر مەترسیەکانی و هاوکات بەرپرسیارێتی حکومەت و کایە جیاجیاکانی لەم بوارەدا.
پێش هەموو شتێ من بڕوای تەواوم بەوە هەیە هەر پێکهاتەیەك بیەوێ لەسەر زەمینەیەکی لەرزۆك پایە بنەڕەتیەکانی خۆی دروست بکاو پشتێنەی ئەستوور بەدەوری بەرنامە و پرۆژەی کاریدا دابنێ، ناتوانێ ببێتە ئومێد بۆ ئایندەی کۆمەڵگا، چوون زەمینەی لەرزۆك بۆپێکهێنانی حکومەت ،پایەیی لەرزۆك و پشتێنەی لەرزۆك و حکومەتی لەرزۆك ، پێك دێنێ و لێرەشەوە ئیدی مانایەك بۆ بەرنامەو پرۆژەی کاری حکومەت نامێنێ و بەڵکو ئاراستەی کاری حکومەت لەلەرزۆکیش واوەتر ، بەرەو داهێزرانی بنەڕەتی دەچێ. کەواتە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پێکهاتەی دامەزراندنی حکومەت، دەشکرێ بپرسین : ئەو سرووشت و زەمینەیەیی حکومەتی تیا دروست کرا، یان ڕوونتر پێکهاتەی حکومەت پێك دەهێنن، دروست سرووشت و زەمینەیەکی لەبار بوو؟ بێگوومان بڕوای من وایە ئەو دۆخەی کە کەلەساڵی 2007حکومەتی هەرێمی کوردستانی تیا پێکهێنرا، دۆخێکی تەواو شڵەژاوو پڕگرێ بوو، ڕوونتر ئاستەنگەکانی بەردەم پێکهێنانی لەدوای چەندین جەولەی شەڕو کووشتارو نەفی کردنی یەکتر،

هێند زۆرو دڵڕەق بوون پێش پێکهێنانی حکومەت نەتوانرا تێك بشکێنرین ، بەتێك نەشکانی ئەو گرێ گەل و گرفت گەل وئاستەنگ گەلانەی بەردەم پێکهێنانی حکومەت ، حکومەتێکی لەرزۆك پێك دەهێنرێ و ڕادەگەیەنرێ. من لایەنگری ئەو بۆ چوونەم کەپێی وایە ناومالّی کوردی پێویستی بە ڕێکخستنەوەیە، ئەگەر پێکهێنانی حکومەتیش هەنگاوێکی ئەکتیف بێت بەو ئاراستەیەدا، ئەوا درووست هەنگاوێکی گرنگە، ناوەخنی گرفتەکە لەوێدایە کاتێ پرۆژەی پێکهێنانی حکومەت گەلاڵە دەکرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێ، عەقڵێکی تەندرووست کەلە پاشخانیدا، پێداویستی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگاو چین و توێژەکانی لەخۆ گرتبێ، نابێتە پێوەری گەلاڵە بوونی پرۆژەکە و بڕیار لەسەردانی. کەحکومەت و جووڵەکانی ئەم ئاراستەیە تووخم و ڕەگەزە سەرەکیەکانی پێکهێنان و بەرنامە و پرۆژەی کارکرنی بێت، ناتوانێ بۆشایی نێوان خۆی و چین و توێژەکانی خەڵك کەم بکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆشاییەکە فراوانتر دەکاتەوەو نارەزایەتیەکانیش لەدوو توێی ئەو بۆشایەدا پانتاییەکی جیدی تر دەگرن، ئەمەش ڕێك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوەندەی گووتراوەو جێ بەجێ نەکراوە، ئەوەندەی بەڵێن دراوەو هیچ نەکراوەو هتد . چوون ئەو لەبنەڕەتدا وەك سەرخان و ژێرخانیش ، نەیتوانیوە ئاراستەی گرنگ و پڕبایەخی پێداویستیەکانی خەڵك، لەگووتاریدا جێبکاتەوە، بەمەش ناتوانێ ببێتە خاوەنی بانگەشەی پرۆژەی کارکردن بۆ ڕایەڵێکی کارا لەنێوان خۆی و حکومەتدا. ئەم بۆچوون گەلەی لەدوو توێی ئەم نوسینەدا هاتوون ، کۆمەڵێ سەرنج و ڕای تایبەتن ئەکرێ لەهەندێکیاندا مەبەستم پێکابێ و لەهەنێکیاندا بەپێچەوانەوە، لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە ئەم بابەتە جێی گفت و گۆیەکی جیدی و ڕای پێچەوانەی نێو ڕایەکانی ئەم بابەتە درووست بێ.

## بۆشایی نێوان حکومەت و خەڵك بەرەو کوێ؟

تاسنووری تێگەیشتن و ئاگاداربوونم ، بۆشایی نێوان حکومەت و خەڵك تائەو ڕادەیە فراوان بوەتەوە، کەوەك لەچەند نووسینێکی تر مکوریم لەسەرکردوە، زۆرینەی تاکەکانی چین و توێژەکان متمانەیان بەدیوی دەرەوەو ناوەوەی گووتاری حکومەت نیە. بۆیە ئەگەر ئێستا حکومەت و پێکهاتە جۆراو جۆرەکانی ئەم ڕاستیەیان زانیێ و بیانەوێ قەرەبووی ئەو بۆشاییەیی کەباسمان کرد پێبکەنەوە، ئەوا بەدیدی من زۆر ئاستەمە و ئەو دانپیانانە ڕێژەییەیی حکومەت، تەنانەت لەسەر ئاستی بەرزترین پلەی دەسلاّتداریش بێت ناتوانێ درزەکانی ئەو بۆشاییە بێنێتەوە یەك و خەڵك و حکومەت بخاتەوە سەنگەرێك. ئەگەر بۆچوونێکی دژ بەئاراستەی ئەم بۆ چوونە هەبێ و پێی وابێ ، ئەمە جۆرێك لەزیادڕەوی و نابابەتیبوونی پێوە دیارە، ئەوە دەتوانین جارێ لەبێزاری و نارەزایەتی چین و توێژەکانی خەڵك بگەرێین و بێزاری و نارەزایەتی هەندێك بەرپرسی هەستکردوو بەبەرپرسیارێتی بکەینە نموونەیەکی زیندوو بۆپشت ڕاستکردنەوەی ئەو بۆ چوونەی سەرەوەمان و بیسەلێنین کەقسەکردن لەسەر فراوانبوونەوەی بۆشایی نێوان خەڵك و مەترسیەکانی ، نەك زیادڕۆیی نیە بەڵکو یەکێکە لەپێویستیە گرنگەکانی ئەمرۆ، لەپاڵ ئەمەشدا حکومەت و پرۆژەکانی ناتوانن و نەیانتوانیوە ئەو واقیعە تاڵە هەرس بکەن و وەك وێنەی ڕاستەقینەی خۆی ببینن. نەبینینی ئەو واقیعە وەك وێنەی ڕاستە قینەی خۆی لەلایەن حکومەت و داموو دەزاگا وو بەرپرسەکانیەوە، بەشێکە لەنەخشەی کاری پڕلە هەڵە و هەڵپەی شۆڕبوونەوە بۆ نێو ڕێڕەوی کاری ناتەندرووستی ڕابوردوو. بێجگە لەو

دانپیانانە ڕێژەییەیی کەلەسەرەوە باسمان کرد، تەنانەت بەرێکەوتیش حکومەت بەفەرمی و لەسەر ئاستی گشتی و تایبەت دان بەبۆشایی نێوان خۆیی و چین و توێژەکانی خەڵکدا نانێ، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی فراوانبوونەوەی بۆشاییەکە و گاریگەربوونی مەترسیەکانی . ئەگەر بەلای حکومەت و حزبە دەسلاّتدارەکانی ناو حکومەتەوە ، ئەوەندەی بەس بێت بەو ڕێژە کەمە و لەو ئاستە قەتیسکراوەدا باس لە بۆشایی نێوان خۆی و چین و توێژەکانی خەڵك بکا، ئەوا بێگوومان خەڵك زیاتر لەوە دانپیانان و شەفافیەتی پێویستەو ئەو کەمە دانپیانانەی حکومەت ، ڕەواجێکی ئەوتۆی نیە. بۆیە پێویستە حکومەت ڕاستگۆبێت و ڕاستی و ناڕاستیەکان لە خەڵك نەشارێتەوە، وەك خۆی وێنەی ڕاستەقینەی گرفت و کێشەکان بخاتە ڕوو، قەبارەی کێشەکان وەك خۆی دیاری بکا. ئەو ڕۆتینیاتانەی حکومەتی بەلاڕێی دوور لە کاری ڕاستە قینە و پرۆژەی گوونجاوودا بردوە، لەبنەوەڕا هەڵتەکێنێ و ڕێ و شوێنی گوونجاوی کارکردن دابنێ. ڕوونتر حکومەت وەك حکومەت بیرناکاتەوەو پرۆژەی کارکرنی نیە، بەڵکو حزب نەك پاشخانی بیرکردنەوەوبەرنامەو پرۆژەی کارکردنی حکومەتی داگیر کردوە، بەڵکو ئەوەی حزب بڕیاری لەسەر نەداو نەیکاتە کارنامە و پرۆژەی کاری حکومەت نابێتە پێوەری کارکرن و بەهەموو مانایەك پەراوێز دەخرێ ولەدەرەوەی ئەمەش نەحکومەت و نەحزبی دەسلاّت و بالاّدەستی ناو حکومەت ، گوێ لەدەنگی بەرهەڵستارو دەنگی بەرهەڵستکارانەی دەرەوەی خۆیان ناگرن.

## ئاراستەی بۆشاییەکە و مەترسیەکانی؟

ئێمە لەسەرەوە باسی هەندێك لایەنی ئاراستەی بۆشاییەکە و مەترسییەکانیمان کرد، بەلاّم لێرەدا ڕوونتروووردتر دێینە سەری. ئاراستەی بۆشایی نێوان حکومەت و خەڵك، تائەو ئاستە فراوان بوەتەوە کەمەترسی جۆراو جۆری لێبکرێ، گرفت و کێشەی بەخراپ ڕۆیشتنی ئەو بۆشاییە ترسناکەی نێوان حکومەت و خەڵك ، لەوێدایە کەخەڵك لەوباوەڕەدایە حکومەت نەك گوێیان لێناگرێ ، بەڵکو پرۆژەی جیدی نیە بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکان و ئەو بەڵێن و قسانەش کەلێرەو لەوێ دەیدەن و دەیکەن ، کەمترینی جێ بەجێ ناکەن. پاشان خوودی حکومەتیش بۆ خۆی و ئەتباعەکانی هەمووشتێ ڕەوایە، کەچی بۆ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵ نەك تەنیا دابین ناکرێ ، بەڵکو لەکاتی خستنە ڕوو داواکردنیدا، جۆرەها ناوو ناتۆرەی لێدەنرێ و هەروەکو باشترین زمان مامەڵە کردن لەگەڵ داواکانی خەڵکدا، هێنانەوەی پاساوی بێبنەماوو نالۆژیکیە بۆ دابین نەکردن و جێ بەجێنەکردنی ئەو داواکارییانە، گوایە حکومەت تەنها ئەوەندەی لەتوانادایە کەکردوویەتی و هەوڵ دەدا پرۆژەی زیاتری هەبێ. دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین خەڵك زۆری لەم قسانە گوێ لێبوەو بڕواشناکرێ بەم قسانە قەناعەت بکا، قەناعەتنەکردنیشی پەیوەست و گرێدراوە بە خۆشگووزارانیە هائلەی کە بۆ ئەندامە گەورەو پلەدارەکانی دەوڵەت و کادێرەکانی حزبی دەسڵات فەراهەم کراوەو دەکرێ و بەردەوام لەنوێ کردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانیدایە، کەچی ئەمی هاولاّتی لەهەر چین یان توێژێك لەکۆمەڵ بێت ، شانسی پاشماوەی ژیانی ئەوانیشی نیە. لەناو ئەم بۆشایەدا نەوەیەك هەیە (ئەو)ی ڕابووردوو لە خوێن و تێکۆشان ناسێ و مەبەستیشی نیە بیناسێ، بەڵکو بەلای ئەوەوە گرنگ ژیانە، ژیان بەپێوەرە درووستەکانی سەردەم، یانی مەبەستمە بلێم ئەگەر حکومەت و حزبە دەسلاّت دارەکان هەمووجارێ و لەبەردەم تەنگەتاوی خەڵك و نارەزایەتیەکانیان و بۆ سڕپۆ کردنی بۆشایی نێوان خۆی و خەڵك

پەنابباتە بەردەم گێڕانەوەی ڕابووردووی خۆی و پێیان بفرۆشێتەوە، خەڵك ئامادەنییە ئەو ڕابووردوە بەبێ وەرگرتنی زەمانەت بۆ ژیان و دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیان ئەو ڕابووردوە ڕێزلێبنێ و لێت وەر بگرێ. کەواتە پێش هەرشتێ هەنگاوی یەکەم بۆ ئاشتکردنەوەی خەڵك لەگەڵ حکومەت و گێڕانەوەی ئاراستەی بۆشاییەکە بەرەو دروستبوونی پەیوەندییەکی کارا لە نێوان حکومەت و خەڵکدا، دەستبەرداربوونە لەو میکانیزمە کلاسیکی و شێواو و ناتەندرووستەی کەبوەتە پێوەری بنەڕەتی کارکردنی حکومەت و هەلس وکەوت و مامەڵەکانی لە گەڵ داوا ڕەواکانیان.

## نارەزایەتیەکان لەنێوان ڕەوایەتی و ناڕەوایەتیدا ؟

زۆربەی جار لێرەو لەوێ گوێمان لەوە دەبێ کەتاچەند ئەو نارەزایەتیانەی لەبۆشایی نێوان خەڵك و حکومەتدا دروست بوون ڕەوان؟ ئەگەر ڕەوان ڕەوابوونیان لەکوێدایە و ئەگەریش ناڕەوان ناڕەوا بوونیان لەکوێدایە؟ ئەوەی کەئەمڕۆ لەهەندێ بۆنەی فەرمی و نافەرمیدا ، نارەزایەتی و داواکانی خەڵك لەبۆشایی نێوان حکومەت و خەڵکدا ، بەزیادڕۆیی یان دژە حکومەت پێناس دەکا، ئەوە دیدێکی زۆر نالۆژیکی و نابابەتیە و بەردەوام لەهەوڵی ناشرینکردنی بەرامبەرەکەی و پێشاندنی وێنەی جوانی خۆیەتی ، ئیتر لێرەوە ڕەوایەتی دوور کەوتنەوەی خەڵك لەحکومەت ، واتە دروستبوونی بۆشایی نێوان حکومەت و خەڵك و نارەزایەتی و داواکانیانمان بۆ دەردەکەوێ و ناکرێ بیشارینەوە کەهیچ شتێ لەوە ڕەواتر نیە. واتە ئەرکی دووەممان لەم بوارەدا ئیشکردنە لەسەر ئەوەی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ڕەوایەتی ئەم مەسەلەیە بخەینە ڕوو، وەبەردەوامیش بدەین بەئاراستە تەندرووستەکەی نارەزایەتی خەڵك و چەسپاندنی لەکارنامەی حکومەتدا. ڕەنگە پرسیارێ لێرەدا خۆی بسەپێنێ بەم شێوەیە : ئایا ئەو کەمە دانپیانانەی حکومەت و بەرپرسەکانی بەبوونی بۆشایی نێوان حکومەت و خەڵك ، دروست ڕەوایەتی دانە بەنارەزایەتی چین و توێژەکانی خەڵك و دان پیانانیەتی و لەهەمانکاتدا کارکردن بۆ بەجێهێنانی داواکانی دوو توێی ئەو نارەزایەتیە؟ یەکێك لەهەڵە کوشندەکانی گووتاری حکومەت ئەوەیە ، ئەو شێوە دان پیانانەی بە بوونی بۆشایی نێوان خۆی و خەڵك، بەمەبەستی گوێگرتن لەخەڵك و دۆزینەوەی چارەی گوونجاو نیە بۆ داواکانی دوو توێی نارەزایەتیەکان، بەقەد ئەوەی ئیشکردنە لەسەر ئەوەی گەرموگوڕی ئاراستەی نارەزایەتیەکان خاو بکاتەوە، ئەوکاتانەشی کە بۆ وەڵام دانەوە کوورت دێنێ هەڵمەتێکی پێچەوانە دەست پێدەکا بۆ ناشرینکرن و ڕەدکرنەوەو نەفی کرنی نارەزایەتیەکان. بەم واتایەش مانایەك لەئاراستەی گووتاری حکومەتدا ، بۆ خوودی دانپیانانەکەی خۆی و ڕەوایەتی دان بە نارەزایەتیەکانی خەڵك و کارکردن بۆ کەمکردنەوەی نارەزایەتیەکان بەپێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر لەو بوارانەی کەهۆکاری دروستبوونی بۆشاییەکە و پەرەگرتن و فراوانبوونەوەی نارەزایەتیەکانن، نامێنێ و کێشەکە بەهەڵواسراوی لەنێوان حکومەت و چین و توێژەکانی خەڵکدا بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە و هاوکات تینی ململانێکە سەختردەبێتەوە، چۆن؟

## ئایندەی ئەم ململانێیە بەرەو کوێ؟

حكومەت و بەرپرسەكانی و حزبە دەسلاٚتدارە پلە یەكەكانی ناو حكومەت، بیانەوێ یاخوود نا، دانی پیابنێن یاخوود نا، لەململانێیەكی سەختدان لەگەڵ چین و توێژەكانی خەڵك و جوگرافیایی ململانێكەش تادێ فراوانتر دەبێتەوە. من بڕوای تەواوم بەوە هەیە ئەگەربێت و حكومەت پڕۆژەیەكی بابەتی و كرداری بۆ مامەڵە لەگەڵ تووخم ورەگەزەكانی ئەم ململانێیە نەبێ ، ئەوا دەبێ خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەكی سەختڕو ململانێیەكی توونتر ، ئادەمابكاو بڕوای نەگۆڕیشم بەوە هەیە لەم ململانێ و ڕووبەڕووبونەوەدا ، چین و توێژەكانی خەڵك ڕەوان و حكومەت تەنها سەنگەری پاساو هێنانەوەی گرتوەو دەیەوێ بەشێوەیە دەماری گرژی ناڕەزایەتیەكان خاو بكاتەوە، بەلاٚم نیشانەكان ئەم دیدەی حكومەت بە فەرمی ڕەد دەكەنەوەو ئەگەرو گریمانی سەخت دەكەنە ئەمری واقیع . كەوابوو دەبێ بەتێكڕا دان بەوەدا بنێین ، كەئایندەی ئەم ململانێیە بەرەو ئاراستەیەكی توونند هەنگاو دەنێ و توونجبوونەوەی ئەم ئاراستەیەش ، حكومەت بەجیدی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی و هاوكات وەلاٚمی ڕاستە و خۆو ڕوونی لەمەڕ تێكڕای كێشە و گرفتەكان دەوێت. دووریش نیە بێولاٚمی حكوموت و دەستەو وەستانی لەئاست كێشە و گرفتەكان و نەبوونی گووتاری ڕوون لەناو كرۆكی كێشە و داواكان وهتد ئایندەی ئاراستەكە دەگۆڕێ وەك لەسەرەوە ئیشارەتمان پێكرد..

## حكومەت لەكام سەنگەردایە خەڵك یان ....؟

پرسیارێكی بنەڕەتی لەناو چین و توێژەكانی خەڵكدا ، بەبەردەوامی جەختی لەسەر دەكرێتەوە وەك: ئایا حكومەت لەسەنگەری خەڵكدایە یان بەپێچەوانەوە؟ ولاٚمەكەشی تائەم كاتە ڕوون نیە و حكومەت لەنێوان هەڵپەی داكۆكی لەپرۆژەو بەرنامەی كاری خۆی ، كەلەلایەن بەشێكی زۆر لەچین و توێژەكانی كۆمەڵەوە ڕەد دەكرێتەوەو ڕەدكردنەوەی ئەو پڕۆژە گەلانەی كەبەردەوام لەلایەن (ڕێكخراو، دەستە، گرووپ، تاك)و هتد پێشكەش دەكرێن، تووشی جۆرێك لەبەدبینی و بێئومێدی بوە، ئەم بەدبینی و بێئومێدییەیی حكومەت و پێكهاتە جۆراو جۆرەكانی ، خەریكە حكومەت و دام و دەزگاكانی بەتەواوی دەخاتە دەرەوەی سنووری پێكهاتەی چین و توێژەكانی خەڵك و حكومەت لەسەنگەرێك و خەڵكیش لەسەنگەرێك، دوو سەنگەر كەیەكەمیان بەدبینە لەبینینی واقیعی ژیان و پیداویستیەكانی چین و توێژەكانی كۆمەڵگاو دووەمیشیان وەك مافێكی سەرەتایی و ڕەوای خۆی، پێی وایە حكومەت لەدەستخڕۆكردن زیاتر هیچ نەخشە و بەرنامەیەكی بۆ گۆڕان و پێشكەوتن پێنیە و ئەوەشی كەدەیلێ و وەك بەڵێن دەیدا، تەنها بۆ درێژكردنەوەو پەرەدانە بەمەودای دەسلاٚتدارێتی. جائەگەر حكومەت پێی خۆش بێت یان نا، ئەوا بەدڵنیاییەوە بەكردار لەسەنگەری خەڵكدانیە و بەم میكانیزمەی كاركردنی ئێستاشیەوە ناتوانێ لانی كەمی سووچێكی سەنگەری خەڵك هەڵبژێرێ. خۆئەوەش ڕاستە كەبەردەوام حكومەت و دەسلاٚتە جۆراو جۆرەكانی لەسەر حسابی چین و توێژەكانی كۆمەڵگا هەڵتۆقیون و گەورەبوون هاوكات خزمەتی خەڵك بەبێ جیاوازی دەكەن و مشووری دابینكردنی پێداویستیەكانی ژیانیان دەخۆن، وەلێ نموونەی كۆمەڵگای كوردی جیاوازەو تائێستاشی پێوە حكومەت و تەنانەت سەركردایەتی سیاسی كوردستان لەڕێگای پۆستە ئیداری و سیاسیەكانیانەوە زۆرتر لەهەموو شتێ لەبیری پارستن و فراوانكردنەوەی پێگەی بەرژەوەندییە تایبەتی و حزبیە تەسكەكانی خۆیاندان، دووریش نیە و زۆر لەڕاستیەوە نزیكە كەخەڵك ئەو وێنەیەیی سەرەوە دەبینێ و زۆرجار

وردەکارییەکانیشی بۆ ڕوون دەبێتەوە بۆیە ناتوانێ خۆی لەسەنگەری حکومەت لەکارە خراپ و ئاراستە شێواوو هەڵپە ناتەندرووستەکانی و بەرنامە شێواوەکانی ببینێتەوە.  ڕەنگە زۆر بابەتی تر بێ بپرسین بۆچی حکومەت ناتوانێ ببێتە سەنگەری خەڵك؟ ئایا نەتوانین و ناکارایی لەوەی کەببێتە سەنگەری خەڵك، پەیوەندی بەکارنامە ی خراپ و ناتێگەیشتنی خوودی خۆیەوە هەیە لەکێشە و گرفتەکانی خەڵك، یان بەپێچەوانەوە ؟ من وای دەبینم کۆمەڵێك هۆکار لەپشت ئەو ڕاستیەوەیە کەحکومەت بۆچی ناتوانێ ببێتە سەنگەرو جێی متمانەی خەڵك، یەك لەوانە حکومەت لەماوەی ڕابووردووی تەمەنیدا نەیتوانیوە ببێتە ولأمگۆی پیداویستی و پرسیارە جیدیەکانی چین و توێژەکانی خەڵك و بەردەوام لەفەلەکی سەقەتی کارنامەو پڕۆژەیەکی دوور لە پێداویستیەکانی خەڵك خولاوەتەوە، واتە بەشێوەیەك لەشێوەکان دەتوانین بێژین ئەو ولأمە تاسنورێکی فراوان درووستە کەحکومەت بەهۆی نەخشە و کارنامەیەکی خراپ و ناتێگەیشتنی لە کێشە و گرفتەکانی چین و توێژەکانی خەڵك، درز و بۆشاییەکی ئێجگار فراوان و تەنانەت لەهەندێ حاڵەتدا مەترسی دار کەوتوەتە نێوان پەیوەندی خۆی و چین و توێژەکانی کۆمەڵگاوە، یان ئەگەر بمانەوێ ڕوونتر لەم بابەتە بدوێین دەبێ بێژین دووسەنگەری جیاواز هەیە، سەنگەرێك حکومەت و سەنگەرێك خەڵك یان چین و توێژەکانی خەڵك، سەنگەری حکومەت گرتن بەڕەهایی ، دەبێتە داکۆکیەکی کوێرانە لەحکومەت و پڕۆژە ناتەواوو هەڵپە و پەلە پرووزێکانی ، چوونە ناو سەنگەری خەڵك بەلأم بەدیوە بابەتی و لۆژیکیەکەیدا ، و هەوڵدان بۆ ئاشتکردنەوەی حکومەت و خەڵك و درووستکرنەوەی ئەو داپچڕانە لەپەیوەندی نێوان حکومەت و خەڵك، هتد دەروازەیەکی گرنگە بەئاراستەی بەرجەستەبوونی پڕۆژەی گۆڕانی ڕیشەیی و تێکشاندنی نەریتی سواوی کارکردنی حکومەت کەهۆکاری بنەڕەتی ئەو لەیەکتر دابڕان و ئاکام درووستبوونی بۆشایی لەنێوان حکومەت و خەڵکدایە.

## گەنج لەبۆشایی نێوان حکومەت و خەڵکدا؟

لەسەرەوە بەچڕی و لەهەندێ جێگادا، بەفراوانی بەشێوەیەکی گشتی باسی بۆشایی نێوان حکومەت و چین و توێژەکانی کۆمەڵگامان کرد. بەلأم لێرەدا وردترو بەشێوەیەکی تایبەت قسە لەسەر بۆشایی نێوان حکومەت و توێژی گەنج  و نارەزایەتیەکانیان دەکەین. دکارێ هەر لەسەرەتاوە بپرسین : بۆچی بۆشایی نێوان حکومەت و توێژی گەنجان فراوانترە؟ نارەزایەتیەکانی گەنجان لەم بوارە بەرەو کام ئاراستە دەڕوا؟ ئایا حکومەت دەیەوێ گوێ لە گەنج و نارەزایەتیەکانیان بگرێ؟ حکومەت لەئاستی توێژی گەنجان بێبەرنامەترین ئاراستەی کارکردنی هەیە و نەیتوانیوە لەناو کرۆکی گرفت و کێشەکانی ئەم توێژەدا ، ئیش لەسەر پێداویستیەکانیان بکا، ئەم ئاراستەیەیی حکومەت لەم بوارەدا توێژی گەنجانی لەئاستێکی بەرفراواندا تورەو بێزارکردوە. لەتورەیی و بێزاری توونددتر توێژی گەنجان بەهیچ شێوەیەك متمانەیان بەحکومەت و بەرنامە و پڕۆژەی کارکردنی نیە، تەنانەت تائەو ڕادەیەیی توێژی گەنجان بگەنە ئەو بڕوایەیی کەئەگەر حکومەت لەسەرئەم شێوە و میکانیزمەی کارکردنی بەردەوام بێت، ئەوا دەست ناپارێزرێ لە هەموو جۆرە توونديیەك لەبەرامبەریدا لەلایەن توێژی گەنجانەوە.کەواتە دەبێ بگەڕێینەوە بۆبینین و خوێندنەوەی ناوەڕۆکی هاوکێشەکەو خوورد کردنەوەی

بەدیوە بابەتیەکەیدا، نەك بەپێچەوانەی بینین و خوێندنەوەی حکومەت کەبەردەوام ئەم هاوکێشەیە بەدیوە ناڕاست و شێواوەکەیدا لێکدەداتەوەووای پێشان دەدا، ئەو تیژڕەوییەیی توێژی لاوان جۆرێك لە ناهەقیە بەرامبەر حکومەت، لەکاتێکا گەنجی کۆمەڵگای ئێمە(کوردی) ئەو گەنجەیە کەلەهەموو پێداویستیەکانی ژیان بێبەشە و حکومەتیش کەمترین کاتیشی بۆ گوێگرتن لێیان تەرخان نەکردوە. نەخشە و بەرنامەی سەقەتی حکومەت لەبوارەدا ئەوەیە، کەدەیەوێ توێژی گەنجان لەڕێگای ئەو ڕێکخراوو دەستەو گرووپانەوە دەستە مۆبکا، کەحزبی دەسلاّتداری ناو حکومەت بۆ حکومەتی دیاری دەکا هاریکاری و کۆمەك بکرێن، چوون حزبی دەوڵەت نایەوێ لەدەرەوەی حکومەت و حزبی حکومەتدار، هاریکاری هیچ ڕێکخراوێکی تر بکرێت تایبەت بەتوێژی گەنجان و هەرتوێژێکی تری کۆمەڵگا، لای زۆرینەوەی توێژی گەنجانیش ئەم نەخشە و بەرنامەیەیی حکومەت و حزبی حکومەت بەتووندی ڕەد دەکرێتەوەو نرخێکی ئەوتۆی نیە ، هەروەك دەشبینرێ لەبەرامبەردا تووڕەدەبن وتووڕەبوونەکەشیان لەناوەڕۆکدا هەڵگری لەجۆرێك ڕەوایەتی زیاترە. ئەگەرچی من بۆ خۆم هاوتەریب نیم و دژی ئەو ئاراستەیەم کە بەتووندو تیژی مامەڵە لەگەڵ هەرمەسەلەیەکدا بکرێت، لەناڕەزایەتی و تیژڕەوی توێژی گەنجانیشدا ، جۆرێك لەزیادڕەوی دەبینم ، بەلاّم کۆکم لەسەر ئەوەی کە حکومەت هۆکاری بنەڕەتی درووسبوونی ئەم ئاراستە تیژڕەوەی توێژی گەنجانە نەك گەنجان خۆیان و بێ هیچ پاساوێك پەنایان بردبێتە بەر ئەم ئاراستەیە و کاری لەسەر بکەن. مرۆڤیش کەدەیهێنێتە پێش چاوی خۆی ئەوەندەی حکومەت و حزبی حکومدا ، بەلێشاو لە پڕۆژەی بێسەرو بەرو زاتیدا ، سەرمایەیی ئەم ولاّتە بەهەدەر دەدا، یەك لەسەدی ئەوە بۆ چین و توێژەکانی خەڵك لەناویاندا بۆ توێژی گەنجان ناخاتە کارەوە.

زۆربەی هەرەزۆری لێکدانەوەو بۆچوونەکان ، وای دەبینن ئەم ناڕەزایەتی و دەنگ هەڵبڕینەی کەلە بۆشایی نێوان حکومەت و خەوڵك بەگشتی و توێژی لاوان بەتایبەتدا هەیە، لەکاتێکا ئەگەر حکومەت نەخشە و پڕۆژەی پێویستی نەبێ و هەنگاو بۆ چارەسەری گرفت و کێشە بنەڕەتیەکانیان نەنێ و هتدئەوە نەك لەبەرامبەردا دەتوانێ بێدەنگیان بکا، بەڵکو ئاراستەکە تیژڕەوتر دەبێ ، یانی ڕوونتر توێژی گەنجان ئەو نەوەیەیی داوای لانی کەمی پێداویستیەکانی ژیانی دەکاو تۆش لەپرۆسەیەکی پێچەوانەی داواکانی (ئەو)دا، واقیع بەناواقیع وەر دەگری و کار لەسەر بەرجەستەکردنی بەرنامە و پڕۆژەیەك کەخواستی (ئەو)ی گەنجی هەڵنەگرتوە، بەڵکو تووخم وڕەگەزەکانی نەخشەی بەرنامە و پڕۆژەکەی تۆکوشتنی خەونەکانی (ئەو)ە، چاوەڕوانی ئەوە مەبە پشتگیریت بکا و بتکاتە جێی متمانەی خۆی، بۆی هەیە ڕێو شوێنی توندو تیژتربگرێتەبەر بۆ تەحقیق بوونی خەون و خواستەکانی. بەلاّم ئەگەر حکومەت و حزبی حکومدار ، بیر گۆڕانی ڕیشەیی و بایەخدان بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بکەنەوەو دەسبەرداری سیاسەتی(احتکار)تەنها بۆ ئەندام و دۆست و لایەنگرەکانی خۆیان بێنن و خەڵك بەبێ جیاوازی ببێتە ئامانجی بەرنامە و پڕۆژەی کارکردنیان ، ئەواخەڵك بەگشتی بەسەرجەم چین و توێژەکانیەوە، هۆشدار دەبنەوە لەوەی کەچۆن متمانە بدەنە حکومەت و پێشی بخەن.